# فراوانبوونی کەندەڵانی نێوان دیکتاتۆریەتی کوردی وجەماوەرو
# ڕۆڵی ڕۆشنبیر

ئەیوب بابۆ بارزانی  20/8/2025

وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی/ ڕێناس عەلی پیرانی

هەرکەسێك  لەم دواییە سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبێت، هەست بە پەرەسەندنی قەیرانە نزیکبوونەوەیان لە تەقینەوەیەکی گشتی دژ بە دەسەڵاتی هەرێم دەکات، بە تایبەتی خێزانی حوکمڕانی لە هەولێر.

هیچ یەکێک لە کێشە کۆن و گرنگەکان چارەسەر نەکراوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات قەیران و کێشەی نوێش زیاد کراون بۆیان، ئەمەش بارێکی قورسی لەسەر شانی خەڵک دروست کردووە و متمانەی ئەوانی بە حکومەتی کوردستان لەدەستداوە، ئەویش بە "دەسەڵاتی خێزانەکان"دا ناودەبەین.

هەرێمی کوردستان زیاتر لە سی ساڵە لە باری قەیرانیدا ژیان بەسەر دەبات. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: بۆچی حکومەتی هەرێم بە درێژایی ئەم ماوەیە نەیتوانیوە چارەسەری ئەم قەیرانە گرنگانە بکات، وەکو: خراپ ڕێکخستن، دیاردەی گەندەڵی بەرفراوان ، قەیرانی سوتەمەنی و کارەبا و کۆنترۆڵکردنی نرخ، ساختەکردنی هەڵبژاردن، دەستەبژێری(ئەلێت)ی گەندەڵی سەرووی یاسا، نەبونی لێپێچینەوە و شەفافیەت، و دەستدرێژی کردن بەسەر سامان و سەرچاوەکانی ئابووری و بازرگانی و دارایی، بەرتەسککردنەوەی فەزای ئازادی بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان تا ئاستی بەندکردن و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان ، کۆنترۆڵکردنی زۆربەی ڕاگەیاندنەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان، بەردەوامبوون لە دابەشکردنی خاکی هەرێم و بەڕێوەبردنی بەپێی قەڵەمڕەوی حیزب (ئەمە هێزەکانی پێشمەرگە و ئەمنیشی لەخۆدەگرێت)، هاوشان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا هەر قەیراناوی و گرژن و ژێر دەستی مەزاجی گۆڕاوی سەرکردایەتی حیزبی بوون، و پەیوەندییە دەرەکییەکانیش هاوسەنگ نەبوون و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی زۆرجار دژیەك بوون. ئەمە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی تورکیا و داگیرکاری سوپای ئەو وڵاتە بۆ ناوچەکانی بادینان، هاوکاری لەگەڵ پاشماوەکانی داعش، خیانەت لە ئێزیدییەکان لە ساڵی ٢٠١٤، پەنادانی تاوانباران و پاشماوەکانی بەعس و پاراستنیان لە هەولێر. لیستی قەیران و تاوانبارکردنەکان لەم ئاستەدا ناوەستێت.

ئایا سەرکردەکانی هەرێم دەستیان بەستراوە بۆ چاکسازیی بەهۆی پەیوەستبوونیان بە دەرەوە؟ یان ئەوان "کەسایەتیان لاوازە "یان بەهۆی خۆ سەرقاڵکردنیان لە کۆکردنەوەی پارە بۆخۆیان و میراتگریەکانیان؟ یان لێهاتوویی پێویستیان نییە لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم؟ یان تێدەگەن کە خەڵکی کورد ناتوانن لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن هەرچەندە هەڵە بکەن؟ و ئەوان سەرووی لێێچینەوەن؟ ئایا لاوازیی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، یان هاوکاریی هەندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕان، هەستی ترس لە کاردانەوەی گشتی لای دەسەلات نەهێشتوە.

بێگومان لە هیچ چاودێرێک شاراوەنیە کە لەم دواییەدا توانای کڕین وبازاکردنی هاووڵاتی لە پارێزگاکانی هەرێم کەم بۆتەوە و چالاکی بازاڕ خاو بۆتەوە، لێکترازانی خێزانی زۆربوەو و ڕێژەی تەڵاق و توندوتیژیی ناوخێزانی و کۆچکردن بۆ دەرەوە بەرزبۆتەوە و بێکاری بڵاوبۆتەوە، و ئەمەش وەک خۆی ڕەنگدەداتەوە لە سەر ناچالاکی و لەکارکەوتنی بیرۆکراسیەت ڕاییکردنی کارەکانی هاووڵاتیان، ئێستا ئێمە نزیکین لە قۆناغێکی زۆر مەترسیدار، مەبەستمان لێکترازانی کۆمەلایەتی و ڕوون مانای ئەخلاقی و ناسنامەی شارستانیەتی.
هەرچەند نزیکتر دەبین لە بارودۆخی تەقینەوەی ناوەکی، دەنگ و هاوارەکانی دەستەبژێری سەرکردایەتی کوردی بەرزتر دەبێتەوە لە تاوانبارکردنی حکومەتی بەغدا و هەڕەشەکردن بە دروستکردنی زەوی لەرزەیەک دژ بەو حکومەتە و بیرخستنەوەی خەڵکی کورد بەپرسی ڕێز و شکۆ و ئارامگرتن! یان گەشتێک دەکەن بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی فریایان بکەون وتاوانەکە لەسە خۆیان هەڵگرن. چەندین ساڵە(حکومەتی خزم و خێڵ) کە ئەلیتێکی ئابووری دەوڵەمەندن لە کۆمەڵگادا، هەوڵدەدەن خۆیان لە بەرپرسیاریەتی بدزنەوە و گلەیی لە حکومەتەکانی بەغدا بکەن، بەڵام ڕوونە کە زۆرینەی خەڵک باوەڕی پێیان نییە و بوونەتە جێی گاڵتەجاری خەڵك، چونکە تێگەیشتنێکی تەواو هەیە لە ناو خەڵکی کورددا سەبارەت بە سەرکردەکان و چۆن خۆیان لە پشت ناونیشانە نەتەوەییەکانەوە دەشارنەوە و خۆیان، لە ڕێگەی میدیای بەکرێگیراوەوە چۆن خەرمانەیەکی پیرۆزی ساختە بەدەوری خۆیاندا دەکێشن، وەک "هەڤاڵ" و "سەرۆک" و "باوکی ڕۆحی کورد" و "سەرۆکی بەڕێز" و "باوکی گەورە" و "برا گەورەی بەڕێز"... هتد. لە کاتێکدا لەواقیعدا ئەوشەرم هێنەر و مەترسیە بۆ ئێستا و داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

چیتر شاراوە نییە کە خێزانی فەرمانڕەواو وخزمەکانی و دەربارەکانی لە ڕێگەی ڕواڵەتە مەدەنییەکانەوە کۆنترۆڵی زانکۆ ئەهلییەکان و نەخۆشخانە تایبەتەکان وشوێنە بازرگانییە گەورەکانی (مۆڵەکان)یان کردووە لە سێ پارێزگاکەی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و سەرمایەگوزاری خەیاڵی بۆ بینایی سیتی و شوێنی نیشتەجێبوون دەکەن! وکەسە نزیکەکانی خۆیان بەڕێوەی دەبەن دەیانکەنە ڕوخساری خۆیان، لە کاتێکدا خاوەنداریەتی ڕاستەقینەکە لە دەستی خۆیاندا دەمێنێتەوە. ئەم فراوانبوونە لە کاریگەری ئابوورییەوە سامان و کاریگەرییەکی زۆری پێبەخشیوون لە ناو دەزگاکانی حکومەت و حیزب و کۆمەڵگادا، بەتایبەت لە وەزارەتەکاندا.

ئامادەکردنی بارودۆخ بۆ میراتگرەکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات "وەک ڕاستیەکی نەگۆڕ" لە هەرێمدا لە دەرەوەی هەڵبژاردنی دیموکراسیی ئازاد، بەڵگەیەکی تەواوە سەبارەت بەو ڕاستیەی کە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی دەسەڵاتدا نییە و چاکسازی بنەڕەتی لە داهاتوویەکی نزیکدا

ناکرێت. لەبەر ئەمە پێویستە ئەلتەرناتیف دابنرێت، چونکە خەڵکی کورد گەورەترە لە هەر سەرکردەیەک و پلە و پایەکەی، و گەورەترە لە هەر خێزانێک و دەسەڵاتەکانیان، و گەورەترە لە هەر حیزبێکی سیاسیی ودەستکەوتەکان یان شکستەکانی. ناکرێت چارەنووسی گەلێک ببەسترێتەوە بە سەرکردەیەک کە ناشایەستی خۆی لە هەموو بوارەکاندا سەلماندووە ومتمانەی گەلەکەشی لەدەستداوە. ناکرێت ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیر بەڵگە بێت بۆ هەبوونی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و پارێزراو و یەکگرتوو، ئەو کەلتورە باوەی نابێتە پاڵنەر بۆ ڕابەرکردنی کۆمەڵگا بۆ یەکگرتن و یەکخستنی بەرامبەر مەترسییە ناوەکی و دەرەکییەکان، و جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ دڵخۆشی و ئەپەری و پێشکەوتنی، و دانانی بەرژەوەندیی گشتی لەسەروو بەرژەوەندیە کەسی و حیزبییە سنوردارەکان، ئەم کەلتورە کاریگەری خوازراوی ئەبێت و ناکرێت بە هۆکارێکی ئەرێنی دانەنرێت.

هیچ کاتێک ئەو ژمارە زۆرە زانکۆ و خوێندکار و ڕۆشنبیرمان نەبووە، لەگەڵ توانای ئابووریەکی گەورە و پشتیوانی دەرەکی و ناوەکی، بەڵام بوونی دەسەڵاتێکی کوردی دواکەوتوو گەندەڵ بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ، بەبێ هیچ ڕێگرێک لە لایەن حیزبێکی سیاسی یان ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک یان بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی کاریگەر، ئەمە نهێنییەکی قووڵ و مەترسیدار ئاشکرا دەکات لە کەلتوری باودا لە کۆمەڵگا. لە جیاتی ئەوەی ڕۆشنبیر ببێتە ڕێگر لە پێدانی دەسەڵات، لە زۆر جاردا گۆڕدراوە بە لایەنێکی هاوبەش و کلک بۆ دەسەڵات. پەرت و پەراگەندەیی هەندێک ڕۆشنبیر و حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، و ناڕەزاییە پەرتەوازە و سنوردارەکان لە ڕووی کات و شوێنەوە، و لاوازی دەستە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە هەموو ئاراستەکانیان، و نەبوونی ڕای گشتی خەڵک لە دژی زیادبوونی دەسەلاتی سیاسی هەرێم، وایکردووە (حکومەتی بنەماڵەکان) گاڵتە بە ئازارەکانی خەڵکەکە بکات کە خواردنی ڕۆژێکیان دەست ناکەوێت.

ئەوە ئاشکرایە کە حەز و ئارەزویەکی بەهێز هەیە بۆ ڕزگاربوون لە سەرکردایەتی کوردی ئێستا و پاشماوەکانی، بەڵام حەز و ئارەزوو بەتەنیا بەس نییە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریخوازراو. پێویستمان بە هۆشیارییەکی قوڵترە بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی دەوروبەر و ناوەوەمان تێبگەین و هۆشیاری بریتیە لەتوانای تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی دەوروبەرمان و کاریگەرییەکانیان بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و کردەوەکانماندا بە شێوەیەکی نەرێنی و ئەرێنی. وناتوانین لە تونێلی ئێستا دەربچین بەبێ ئاگاداربوون لەو هۆکارانەی هەنووکە کە ئێمەیانداوە. وهۆشیاری -وەک ئەوەی تێدەگەین- چەند ئاستێکی جیاوازی هەیە: هۆشیاری هەستی هەیە، هۆشیاری خودی، هۆشیاری بەمێژوو و کلتوور، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هۆشیاری ڕەوشتی کە پەیوەندی بە ویژدانی مرۆڤەوە هەیە و هۆشیاری گەردوونی. و زۆربوونی ژمارەی دەرچووانی زانکۆکان ناتوانێت قەرەبووی کەمبوونەوەی هۆشیاری شارستانی ڕۆشنبیران لە پێشڕەوی کۆمەڵگای عێراقی و کوردی.

ئەوەی کۆمەڵگایەک دیلی دەستی چینێکی خاوەن دەسەڵات بێت کە بە ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان بەردەوام بێت بەدرێژایی زیاتر لە سێ دەیەی یەک لە دوای یەک و لە ژێر سایەی ئەو چینە دەسەڵاتدارە نەبووبێت، بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ناتوانی چینی ڕۆشنبیر لە هەرێم و نەیتوانیوە ئەرکە نەتەوەیی و شارستانییەکانی خۆی تێبگات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری لاوازی بۆ هێزی چینی ڕۆشنبیری کوردی، دەیانخاتە ڕیزی پەناگرتن بۆ لای "پیاوانی دەسەڵاتی تەواو لە خۆیان" و هاوبەشی کردن لەگەڵیان، و پشتگوێخستنی ئەو شتانەی گەورەتر و گرنگترن، و مەبەستمان داهاتووی نەتەوەی کورد وڕەسیدی شارستانییەتییەتی.

بەڵێ، ڕەخنەی زۆر لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان و ڕۆشنبیرانەوە هەیە و تاوانەکانی دەسەڵاتیان ئاشکرا کردووە بەرامبەر بە گەلانی خۆیان، و ئەمە کارێکی ئەرێنی و ستایشە، بەڵام ئەمە هەڵسەنگاندنێکی نزمی هۆشیارییە و بەس نییە بۆ ڕوودانی گۆڕانکارییەکی سیاسی قوڵ لە پێکهاتە و پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستا!

چونکە پێویستە جەماوەر و ڕۆشنبیر هۆشیار بکرێن ئۆلیگارشی کوردی وەک تاک مامەڵە لەگەڵیاندا دەکات و لێرەوە کڕینی یان تێکدانیان وەک تاک ئاسانە و ئەمە ئەو شتەیە کە هێشتا لەبەرچاومان ڕوودەدات. بەداخەوە تا ئێستا ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم لە ژێر سایەی "پرۆژەیەکی نەتەوەیی هاوبەش" کۆ نەبوونەتەوە کە تاک و گرووپ و ڕێکخراو و حیزبەکان کۆبکاتەوە بۆ ڕووبەرووبوونەوەی غروری دەسەڵات، و دەسەڵات زۆر گرنگی بە ئۆپۆزسیۆنێکی دابەشبوو نادات کە زۆرتر بازرگانی (بزنس) و سوودە حیزبی یان کەسییە تەنگەکان یان تەنانەت خۆپەرستی هەندێک لە خەڵک زاڵە بەسەریەوە.

زۆر گرنگە کە ڕۆشنبیرانی ئۆپۆزسیۆن بە ڕەفتارەکانی خۆیان بچنەوە بەرژەوەندیە کەسییەکان لابەرن. ڕۆشنبیرانی ئۆپۆزسیۆن لەبیریان چۆتەوە کە سروشتی چالاکی سیاسی "کارێکی بەکۆمەڵیە" وەک نێلسۆن ماندێلا دەڵێت، نەک هاواری هەر یەکێک لەسەر سەکۆی خۆی، یان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان لەسەر ئینتەرنێت و "دەسەڵاتی هەولێر" سیاسەتی ئاڵۆزکردنی ناکۆکییە کەسی و حیزبییەکان جێبەجێ دەکات بە مەبەستی پەرتکردنی ئۆپۆزسیۆن و ڕێگرتن لە هەماهەنگی و یەکگرتنی نێوان هێزە کاراکان.

لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی وادا هیچ ئاراستەیەک نابینین بۆ بەهێزکردنی گفتوگۆی ناوخۆیی و دیبەیتی بنیاتنەر لە نێوان کۆمەڵ و ڕێکخراو و کەسە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست بۆ ڕووبەرووبوونەوەی ئالنگاریەکان. دروست نەکردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەدرێژایی ئەم ساڵانە یان تەنانەت نەبوونی سەکۆیەکی میدیایی هاوبەش ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی بنەماڵەدایە، ئەم بارودۆخە تەنانەت ڕێگرە لەبەردەم هەوڵەکانی هاوڕێیانی گەلی کورد،جا ئەوانە وڵات و لایەنی سیاسی گرنگن لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کە هەموو قورسایی خۆیان هەیە.

بەدڵنیاییەوە "حکومەتی خێزانی" هەوڵدەدات کەندەڵانی نێوان ڕۆشنبیرانی کورد لە پارێزگاکان تۆختر بکاتەوە: سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، دهۆک و هەڵەبجە و ناوچە پێوەندیدارەکان بەپێی هێڵە حیزبییە شەرم ئاوەرەکان، وەک ئەوەی لە دوو وڵاتی جیادا دەژین. ئەمە زیانی گەورە بە یەکگرتنی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی شارستانی دەگەیەنێت، و لێرەدا پێویستە پانتاییەکی فراوانترتەرخان بکرێت بۆ

بەهێزکردنی کلتوری دیالۆگی دیموکراسی لە نێوان ڕۆشنبیرانی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەو هێڵە حیزبیانەی لایەنگیری ڕۆشنبیر دیاری دەکەن و پێوەندی بە حیزبی دەسەڵاتدارەوە دەبەستنەوە، وەک لە سیستەمە دیکتاتۆرییە سەرکوتگەراکاندا هەیە.

هۆکارێکی ترهەیە کە نابێت فەرامۆشی بخەین، ئەویش سروشتی کلێپتۆکراسیی دەسەڵاتی بنەماڵەیە(Kleptocracy) (حکومەتی دەزەکان). بە شێوەیەکی کەسی، چاوم بە ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوت کە بە باوەڕ و متمانەیەکی پڕ - مەزنی ئەم حیزبە و سەرکردە مەزنەکەی هەبوو، و خۆی لەگەڵ برای "سەرکردە مەزنەکە"دا چووە ناو مامەڵەی بازرگانییەکی گەورەوە و بڕوای وابوو کە بەختەوەرە. پرۆژەکە کۆتایی هات بە دەستکەوتنی برای سەرکردە مەزنەکە بە 300,000 دۆلار و ئەویش هەڕەشەیان لێکرد یان بێدەنگ بێت یان دەچێتە زیندان. سەرکردایەتیەکە ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لە کاتێکی گونجاودا دەرخست، بەڵام ئەندامە حیزبیە ستەملێکراوەکە، لە دوای لەدەستدانی هەموشتێک ئینجا بە ئاگا هاتەوە، ئیدی کات زۆر درەنگ بوو و چاککردنەوەی بارەکەی ئەستەم بوو. بنەماڵەی بریفکانی کۆمپانیایەکی ناسراویان لە دهۆک هەبوو کە لەوکاتەدا لەگەڵ کەسە نزیکەکانی "سەرکردەی مەزنە"پەیوەندی پتەویان هەبوو، بڕوایان وابوو کە پرۆژە بازرگانییە گەورەکان قازانجی خەیاڵی بۆ هەردوو لا دەهێنن، بەڵام "سروشتی سەرکردە" و بەهاکانی ئەویان لەبەرچاو نەدەگرت، کاتێک وەرزی وەرگرتنی بەرهەمەکەیان هات، تێگەیشتن کە ئەوان هەڵەبوون لە پێشبینیەکانیاندا.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە شێوازێکی چەتەگەرایی"دەستیگرت بەسەر 29 ملیۆن دۆلاری کۆمپانیایGroupe MB لە دهۆک. و ئەگەریش خاوەنەکانی بەردەوام بونایەن ل داواکاری یاسا یان حوکمی یاسا، ئەوا زیندان بەخێریان دێنیت یان تەنانەت شتی خراپتر چاوەڕوانیان دەکات و ئەمە بە دەنگ و وێنە تۆمارکراوە، و ژمارەیەکی بێشوومار نموونەی دزینی و ڕفاندن و ڕیسواکردنی پلاندار هەیە. یاسای دارستان زاڵە لە هەرێمدا.
ئەو ڕۆشنبیرانە و بەتایبەتی ئەوانەی کە وەک بەکرێگیراو کرێی لە میدیای حیزبی و کەناڵەکاندا کاردەکەن لەسەر شوێنکەوتویی کوێرانە ڕاهاتوون هەوڵدەدەن ئاژاوە و بە زانیاریی هەڵباڵو بکەنەوەو و ڕاستییەکان چەواشە بکەن. پێویستە ئەوانەی کە یەکەم جار لایەنگرییان بۆ گیرفانی خۆیان هەیە نەك بۆ میللەت، تێبگەن کە ڕۆژێک دیت توشی ئیبتیزازکردن دەبن، و پێویستە لەگەڵ گەلی خۆیان بوەستن و پێش ئەوەی لەمەترسییەکان ئاگادار بن پێش ئەوەی بکەونە کەندەڵانی دسەڵاتەوە. چونکە ئەرکی ئەوان بریتییە لە شاردنەوەی تاوانەکانی دەسەڵات و گەندەڵیەکانی و لەبیرکردنی زانین و ئیفلیجکردنی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی.

هەبوونی زانکۆی زۆر و ئینستیتیوت و کەناڵی تەلەفزیۆنیی زۆر لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی کوڕ و نەوەی سەرکردەکانی هەرێمدا، ئامانجی ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی ڕۆشنبیرانە لە کۆمەڵگادا و ڕاهێنانیان و ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ڕۆڵی نەتەوەیی، وەک گەشەپێدانی عەقڵی ڕەخنەگر، بەهێزکردنی دانیشتووی باش، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ماف و ئەرکەکان، و بەهێزکردنی هەستی بەرپرسایەتی لە تاکەکاندا وەکو هاووڵاتیەکی ئاگادار و کاریگەر بکەن لەبنیاتنانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی زانستی و زیاتر بتوانن بەرەنگاری گەندەڵی و دواکەوتوویی و ساختەکاری بکەن، و ڕەفتارە زیانبەخشەکان ڕەت بکەنەوە وبگەڕێن بۆ چارەسەری بەردەوام بۆ زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە. ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە خزمەتی لەم ئاراستەیەدەکات نەک لە داپۆشینی درۆ و دزی و دیکتاتۆریەتی دەسەڵات.

دەسەڵاتی بنەماڵە - سیستەمێک کە لەسەر سەرۆکایەتی عەشیرەتی ودەسەڵاتی سەرۆکی تاک پێکهاتووە - ڕۆشنبیرانماڵی دەکات، گلدانەوەی سامانی گشتیش یارمەتیان دەدات لە تێپەڕاندنی پرۆژەکانیان بەشێوەیەکی خوازراو، و باشترین تاکتیک دروستکردنی چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ڕاگەیاندنە بە ناوە سەرنجراکێش و دواتر گەڕان بەدوای ڕۆشەنبیران وخستنەگەڕیان بۆ ستایشکردنی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و کێشانی هێڵی سوور بۆیان، ڕۆشنبیران فێر بکرێن چۆن هەول بدەن لای خاوەن پارە جێی خۆیان بکەنەوە. ڕۆشنبیر لە کۆتاییدا دەبینێت لە کێڵگەیەکدا کار دەکات کە چوارچێوەی چالاکی فکری دیاریکراوە کراوە بە زوڕنای دەسەڵات.

کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان زیاتر سەرنج ڕاکێشن بۆ روشنبیران و گەنجان بەهۆی ئەوەی پەیوەندیە ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکدا دەبێت، لەنێویاندا دەرکەوتنی ڕۆژانە لەسەر شاشە و مووچەیەکی سەرنجڕاکێش. دوای ئەوەی بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیران قووت بدەن، دەست دەکەن بە دروستکردنی کەناڵێکی دووەم و پاشان سێیەم و بەم شێوەیە بەردەوام دەبن و هەموو جارێک بەشێکی نوێ لە ڕۆشنبیران ماڵی دەکەن. نابێت مەترسیەکانی ڕاگەیاندنی پارەدارکراوی حیزبیش لەبیر بکەین، یاساکە ئاوایە: " بگەڕێ بزانە پارە لە کوێوە دێت". ئەوان بەرگری لەبەرژەوەندیەکان دەسەڵاتداری خاوەن پارە وڵاتانی پشتی ئەوان دەکەن ئەوانە ناتوانن تاوانبار و دزەکانی سامانی گشتی لەبەر چاوی ڕای گشتی کورد بڵاوبکەنەوە.

بۆ بەرتەسککردنەوەی هزری ئازاد و دەستگرتن بەسەر فەزای ڕاگەیاندنی ناحکوومی، "حکوومەتی بنەماڵەکان" "ڕاگەیاندنی سێبەر"یان دروستکردووە کە گروپێکی گەورەی ڕاگەیاندنی نزیکن لە دەسەڵات، ئەوان خۆیان وەکو سەربەخۆ نیشان دەدەن و باسی ئازادی ڕاگەیاندن دەکەن و ڕەخنە لە هەندێک لە بۆچوونەکانی حکوومەتدەگرن بە ئاشکرا، خەڵک دەخەڵەتێنن بە بۆچوونی سەربەخۆیان، بەم شێوەیە دەسەڵاتدارە زۆردارەکانی کوردستان دڵنیا دەبن لەوەی کە ڕاپۆڕتی هەواڵەکان لەژێر کۆنترۆڵ و لەپێناوی سوودی خۆیان بێت.

ژمارەیەکی وردی بڕی سامانی دیاریکراوی گشتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی لەبەردەستدا نیە هەمووی بە بڕیاری سەرەوە وە بەبێ ئەملاو ئەولا وەردەگیرێت، دوور لە شەفافیەت و لێپێچینەوەی یاسایی.

لە هەلومەرجێکی وا، کە هەموو ڕۆژێک توندوتیژی دەسەڵات بەرامبەر ڕەخنەگران زیاتر دەبێت، پێویستە خێرا بکەوینە خۆمان و کەناڵی پەیوەندی لەنێوان ڕۆشەنبیرانی کورد لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان دروست بکەین، وە سیمینار و کۆڕبەند دوور لە دەسەڵاتی حیزبەکان ئەنجام بدەین، دروستکردنی سەکۆیەکی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو و سەربەخۆ، کە کار لەسەر دروستکردنی کەلتورێکی بنیاتنەربکات کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەفراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد ودیموکراتی ویەکگرتوو، ڕێزێکی تەواو بۆ سەروەری

یاسا دابنرێت ودەسەڵاتی بنەماڵەیی یان لۆجیکی خێزانی لە حکوومەت دەربکێشرێت ، وە کەلتوری ڕێزگرتن لەوە وڵات بۆ هەمووانە نەک بۆ چەند گەندەڵێک بڵاو بکرێتەوە.

پێش هەموو شتێک پێویستە ڕۆشنبیری کورد هەوڵی دەسەڵات بۆشێواندنی ناوی ڕۆشنبیری ڕابگرێت، بەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیران بکات بە زورنایەك بۆ خزمەتکردنی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و نزیکەکانی .بەم شێوەیە دەتوانین هەندێک لە هاوسەنگی بگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵگە کە بەهۆی چۆکدادانی زۆرێك لە ڕۆشنبیران لەبەردەمی پلانەکانی دەسەلات توشی بێهیوایی بوون.

هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە دەسەڵاتی بنەماڵە لە لێواری مەرگدایە، مەزەندە دەکەم "شۆڕشێکی جەماوەری" ڕوودات بەهۆی دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بۆ شەقامەکانی شارەکان بەتایبەتی هەولێر و یاخی بوونی مەدەنی ڕوبدات" وەک وەڵامێکی سروشتی بەرامبەر بە زۆرداری و دەسەڵاتی ستەمکارەی دەسەڵات.